# ڤاکسینی دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا

## – ڤاکسینی ئەسترازێنیکا -(AstraZeneca)ی کۆڤید-19

### زانیاری بۆ ئەوانەی ئەم ڤاکسینەیان پێشکەشکراوە

ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبێتە هۆی نەخۆش خستنی ڕێرەوی هەناسە. خەڵکانێکی زۆر هیچ نیشانەیەکیان نابێت یان نیشانەکانیان سووک دەبێت، بەڵام ڕەنگە هەندێکیان بە توندی نەخۆش بکەون. کەسانی بەتەمەن، و ئەوانەی نەخۆشی دیکەیان هەیە ئەوە لە گەورەترین مەترسی نەخۆش کەوتن یان مەرگدان. ئامانجی ڤاکسینی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ پارێزگاریکردنە لە ژیان و تەندروستی.

### کێ پێویستە ئەم ڤاکسینەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەربگرێت؟

ئەو کەسانەی پێشنیارکراون کە ئەم ڤاکسینە لە ڕێگەی پرۆگرامی کوتانی نیشتیمانی وەبگرن، کاتێک بە گوێرەی ئەولەویەت نۆرەیان دێت ئەم ڤاکسینەیان پێشکەش دەکرێت.

ڤاکسینەکە بەخۆڕایی و خۆبەخشانەیە. بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لە نەرویج دەمێننەوە.

### چۆن ڤاکسینەکە وەردەگرم؟

سەیری وێبسایتی شارەوانیەکەی خۆت بکە بۆ زانیاری دەربارەی ئەوەی کێ ڤاکسینەکەی پێشکەش دەکرێت، چۆن ڤاکسین لێدانەکە ڕێک دەخرێت و کەی ئەنجام دەدرێت.

### ئەم ڤاکسینەکە چۆن دەدرێت؟

ڤاکسینەکە لە سەرەوەی قۆڵ دەدرێت.لە ماوەی 12-9 هەفتە دوو ژەم لە ڤاکسینەکە وەردەگریت. گرنگە کە ژەمی دووەم لە کاتی دیاریکراودا وەربگریت.پێش ئەوەی ڤاکسینەکە وەربگریت، پرسیارت لێدەکرێت ئایا هەست بە باشی دەکەیت و ئەگەر هەر کاردانەوەیەکت بۆ ڤاکسینەکانی دیکە هەبوو بێت کە پێشووتر وەرت گرتووە.لەبیرت بێت ئاگادارمان بکەیتەوە ئەگەر هەستیاریت هەیە، دوو گیانیت، دەرمان بەکاردێنیت یان کێشەی دیکەی تەندروستت هەیە.شتێکی ئاساییە کوتان دوا بخەیت لەگەڵ نەخۆشی توند و تای سەرووی 38 پلەی سەددی. لە دوای ئەوەی ڤاکسینەکە وەردەگریت، داوات لێدەکرێت ماوەی 20 خولەک چاوەڕوان بیت.

### ئەم ڤاکسینە چۆن کار دەکات؟

ڤاکسینەکە ڤایرۆسی بێئازار (ڤایرۆسی سارد) بەکاردێنێت کە پارمەتیدەرە لە گواستنەوەی زانیاریەکانی درکەکانی سەر جەستە ڤایرۆسی کۆرۆنا. جەستە کۆپی ئەم درکانە دەکات کە سیستەمی بەرگری لەش دەتوانێت کاری لە سەر بکات.بەم شێوازە، سیستەمی بەرگری لەش فێری ئەوە دەبێت درکەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بناسێتەوە و دەتوانێت بەرگری لە جەستە بکات ئەگەر تووشی ڤایرۆسەکە بێت.

ڤایرۆسی گواستنەوە ناتوانێت لە ناو جەستەدا خۆی کۆپی بکات و بەخێرایی تێک دەشکێنرێت. ڤاکسینەکە ناکرێت ببێتە هۆی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا یان نەخۆشی پەتایی دیکە. ڤاکسینی ڤایرۆسی کۆرۆنا کار بۆ ڕێگری کردن لە نەخۆشیەکە دەکات. ناتوانێت نەخۆش کەوتنێکی توند چاک بکاتەوە.

ئەم ڕێگایەی دروستکردنی ڤاکسین لە ڤاکسینەکانی ئیبۆلا بەکارهاتووە.

### ئەم ڤاکسینە چۆن بە باشی کار دەکات؟

ڤاکسینەکە پارێزگاری لە دژی ئەو نەخۆشیە دەکات کە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دروستی دەکات. دوو هەفتە دوای ژەمی دووەم، نزیکەی 60%ی ئەوانەی لە توێژینەوەکە لە دژی کۆڤید-19 کوترا بوون بەرگریان دروست کرد بوو.

FHI

هەرچۆنێک بێت، لەوە دەچێت پارێزگاریەکە بەرزتر بێت ئەگەر ماوەی نێوان دوو ژەمەکە 9 هەفتە یان زیاتر بێت. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڤاکسینەکە پارێزگاری لە دژی نەخۆشی توندی کۆڤید-19 دروست دەکات کە پێویستی بە چارەسەری نەخۆشخانەیە. هێشتا نازانین بەرگریەکە بۆ ماوەی چەند دەمێنێتەوە. ئەگەر بە تێپەڕبوونی کات بەرگریەکە نەمێنێت، ڕەنگە ژەمی بەهێزکەر پێویست بێت. بەهۆی ئەوەی ڤاکسینەکە ڕێگری لە نەخۆشیەکە دەکات، هەروەها ڕێگری لە گواستنەوەکەش دەکات، بەڵام هێشتا نازانین تا چ ڕێژەیەکە. بۆیە، گرنگە کە بەردەوام بین لە پەیڕەوکردنی ئامۆژگاری کۆنترۆڵکردنی ئێستای نەخۆشیەکە.

## کاریگەریە لاوەکیەکان

لە ئەنجامی توێژینەوە ئەنجامدراوەکان، زانیاری باشمان هەیە دەربارەی کاریگەری لاوەکیە باوەکان و کەمتر باوەکان لە نێوان ئەوانەی کوتراون. ناتوانین نکۆڵی لە کاریگەری لاوەکیە دەگمەنەکان یان کاریگەری لاوەکیەکان بکەین کە تەنها بۆ ماوەیەکی درێژ لە دوای کوتانەکە دەردەکەون. زۆرینەی کاریگەریە لاوەکیەکان لە ڕۆژانی سەرەتای دوای کوتانەکە دەردەکەون لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا نامێنن:

- زیاتر لە نیوەی ئەوانەی کوتراون لە شوێنی کوتانەکە تووشی ژان بوونە.
- کاریگەریە لاوەکیە باوەکانی دیکە هەستکردن بە ناساغی، شەکەتی، ژانەسەر، ئازاری ماسولکە و جومگە، لەرز، هێڵنج و تا دەگرێتەوە.
- لە دوای ژەمی 2ەم کاریگەریە لاوەکیەکان سووکتر و کەمتر دەبن.

لە زۆربەی حاڵەتەکان، کاریگەریە لاوەکیەکان سووك یان ناوەند بوون. کەمتر لە 5% تووشی کاریگەری لاوەکی توندتر بوون کە بێ زیان بوون بەڵام کاری کردە سەر ژیانی ڕۆژانەیان لەو ڕۆژانەی کە مایەوە..

## چی بکەم ئەگەر کاریگەری لاوەکیم هەبوو؟

ئەگەر تووشی نیشانەی چاوەڕوان نەکراو، توند یان درێژخایەن بوویت کە هەست دەکەیت بەهۆی ڤاکسینەکەیە، پەیوەندی بە پزیشکەکەت یان کارمەندێکی دیکەی چاودێری تەندروستی بکە بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاوێژ. کارمەندانی چاودێری تەندروستی ئەرکیانە ڕاپۆرتی هەر کاردانەوەیەکی توند یان چاوەڕوان نەکراو بکەن کە گومان دەکەن بەهۆی ڤاکسینەکەوە بێت. هەروەها دەتوانیت خۆت لە ڕێگەی helsenorge.no ئاگادارکردنەوە بنێریت.

## پەسەندکردنی مەرجدار

ئەم ڤاکسینەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە توێژینەوەی گەورە تاقیکراوەتەوە کە تیایدا هەزاران کەس ڤاکسینەکەیان وەرگرتووە. توێژینەوەکان بە هەمان شێوەی ڤاکسینەکانی دیکەن، بەڵام کاتی چاودێریکردن کەمترە. دەسەڵاتانی ڕێکخەری دەرمان پەسەندکردنی مەرجداریان بە ڤاکسینەکە داوە. ئەمە واتە کە داتای پێویست هەیە بۆ هەڵسەنگاندن کە سوودەکانی ڤاکسینەکە زۆر لە مەترسیەکان زیاترن، بەڵام پێویستە بەرهەمهێنەری ڤاکسینەکە بەردەوام بێت لە توێژینەوە و بەردەوام داتا پێشکەشی دەسەڵاتانی ڕێکخەری دەرمان بکات لەو کاتەی بەردەست دەبن.

## من چ ڤاکسینێکم وەرگرتووە؟

کاتێک ڤاکسینی ڤایرۆسی کۆڕۆنات وەرگرتووە، لە تۆماری کوتانی نەرویجی SYSVAK تۆمار دەکرێت. دەتوانیت لە helsenorge.no دەستت بە زانیاری خۆت بگات.

## ئایا دەتەوێت زیاتر بزانیت؟

تکایە پرسیار لە پزیشکەکەت یان کارمەندی دیکەی تەندروستی بکە یان سەردانی وێبسایتی پەیمانگای نەرویجی تەندروستی گشتی بکە لە fhi.no/cvp.